# هەواڵ

## لەرێگەی موبایلەوە شەر رادەگەیەنرێ

رۆژی ٧-٦-٢٠٠٧بە هۆی کێشە یکی کۆمەلایەتی لەسەر ژن،سێ برا بە ناوەکانی (دلێر،سیروان،بەختیار)کە خەلکی گوندی رەزانن ،لە باڵەکایەتی ،لە ریگەی موبا یلەوە،ووڵاتی (ص،ع)کە خەلکی گالاڵەیە ،ئاگاداری دە کەنەوە کە خۆی بۆ شەر ئامادە بکات ،ناوبراویش چەن خزمێکی خۆی لەگەڵ خۆی دەبات. لە ئاکامدا شەرو پێکدادان دروست دەبێت و هەردولا بریندار دەبن بە گولەی دەمانچە ،دوای هاتنی ئاسایش و کۆنترۆلی وە زعە کە ،هەردولایان دەستگیر دەکەن.

## موچەی ٤٣ خادیمی ئەوقاف ڕادەگیرێ

رۆژی ٧-٦-٢٠٠٧بەهۆی دەوام نەکردن و جێ بە جێ نەکردنی کارە کانیان، مووچەی ٤٣کارگوزارو خادیمی ئەوقوافی حاجی ئاوا را گیراو ئەمەش بوە هۆی نیگەرانی ئەوان ، دوابەدوای ڕاگرتنی موچە کانیان ،ئەو ٤٣خادیمە بەرەو دەزگا حکومیە کان بەرێ کەوتن بۆ پاڕانەوەوتکا ،تا کو موچەکانیان بۆ چاک بکەنەوە،

## رانیە؛ بنەماڵەکەی بەدەمانچە هێرش دەکەنە سەری

رۆژی ٩-٦-٢٠٠٧ووڵاتی خولە ئەحمەد،تەمەن ٣٢ساڵ،کە پێشترکێشەیەکی کۆمەلایەتی هەبوە ،لەلایەن بنەمالەکەی بەدەمانچە هێرش دە کرێتە سەری و بریندار دەکرێت پاشان تۆمەتباریش لەلایەن پۆلیسی رانیە وە دەستگیر دە کرێت،شایانی باسە ناوبراو خەڵکی گەرەکی شۆرشی رانیەیە.

## شەقلاوە: خواردنی حەب گیانی دەکێشێ

رۆژی ١٠-٦-٢٠٠٧لەشاروچکەی شەقلاوا گەنجێکی تەمەن ٢٥ساڵ بەناوی ئەنوەرمەمۆ بە هۆی کێشەی کۆمەلایەتی حەب دەخوات و خۆی دەکوژێ.

## رانیە؛خانوێکی حکومی داگیر دەکرێ

ولاتی سیروان نەسرولاسەرپەرشتیاە ری پەروەدەی رانیە توانی خانوێکی حکوومی داگیربکات ،ئەوخانوەبەشێک بوەلەباخچەی ساوایانی رانیەکەچە ندین جار لە لایەن پەروەردەی رانیە ئاگادار کراوەتەوە بۆئەوەی کە ئەو خانوە بەشێکە لەباخچەی ساوایانی رانە ،بەلام لە رۆژی ٩-٦-٢٠٠٧دەرکەوت کە ناوبراو خانوەکەی تاپۆ کردوە وناتوانن لەو شوێنە رای پەرێنن.

## چۆمان : ئوتووی هەڵم کەسێک دەکوژێ

لەرۆژی ٨-٦-٢٠٠٧ووڵاتی مامۆستارزگار قادر دانیشتوی چۆمان کە دوکانێکی ئوتوی هەڵمی بووە،بە هۆی تەقینەوەی هەلمی دوکانەکەی ،هیانی لە دەست ئەدات .

## تەلارێک دەتەقێندرێتەوە

شەوی ٨-٦-٢٠٠٧لەناحیەی ژاراوای سەر بە پشدەر ،تەلاری شیواعلی شێنەیی کە بینا کە تەواو نەکراوبوو،لە لایەن چەن کەسێکی نەناسراو تەقێندرایەوە کە زەرەرو زیانێکی زۆری مادی بە دواوە بوو ،خاوەن تەلارەکە کە لە هەندەران گەراوەتەوە رای گەیاند ؛کە بۆ ئەم هۆکارە من لە گەڵ هیچ کەس کێشەم نە بووە.

## کارەبا گیانی گەنجێک دەکێشێ

کاتژمێر ٢١:٣٠ خولەکی شەوی ٩-٦-٢٠٠٧ بەهۆی شۆرتی کارەباو گرگرتنی بەنزین لەماڵی ولاتی (ع،ح)، پێنج ئەندامی ئەو ماڵە بەسەختی بریندار دەبن گەنجێگ بەناوی (م،ق) بۆ فریا کەوتنی ئەو خێزانە و رزگارکردنیان لەئاگررەکە رێژەی ٧٥% دەسوتێت و گیانی لەدەست دەدات جێگەی باسە دوای گەیشتنی تیمی فریاکەوتن، خاوەن ماڵەکەش دوای دوو رۆژ مانەوەی لەنەخۆشخانەی رانیە بەهۆی زۆری رێژەی سووتاویەکەی گیانی لەدەست دەدات. جێگەی باسە کە ئەو گەنجە فیداکارە ماوەی سێ مانگ بوو کە ژیانی هاوسەری پێکهێنابوو.

## ئاگر لەچیای هەیبەت سوڵتان دەکەوێتەوە

رۆژی ١٥-٦-٢٠٠٧ لەکێوی هەیبەت سوڵتان گەورە لەچیاکە کەوتەوە، ئەوەی شیاوی باسە کە لەهۆکاری ئەم ئاگر کەوتنەوەیە نەزانراوە ئەمەش بۆ دووهەم جارە کە ئاگر لەم ناوچەیە بەردەبێت کە ئاگری یەکەمیان لای کۆلیژی هەندەسە بووە، بەهۆی کەم تەرخەمی دوو ولاتی و کارگوزاری کافتریای کۆلیژی نابراو، جێگەی ئاماژەیە کە ئەو دوو ولاتیە گیراوان و هەر یەکەیان بە بڕی دوو ملیۆن دیناری چاپی تازە غەرامە کراون

## گەنجێک خۆی ژەهر خوارد دەکا

رۆژی ٧-٦- ٢٠٠٧ لە گەرەکی ئازادی رانیە فێرکارێک بەناوی( هێمن ماهیر) کە تەمەنی ٢٣ساڵە کە نەخۆشی دەرونی بووە ، بە هۆی خواردنی مادەی ژەهراوی گیانی خۆی لە دەست ئەدات.

# رۆژی گەل

## کەلار: بەرنامەیەک بۆ دارشتنی خشتەی کارەبا

دوای دارشتنی بەرنامەیەک بۆ کارەبا کە لەسەرجەم کوردستان پەیرەو بکرێت. هەر بۆیە قائیمقمیەتی قەزای کەلار بەهاوکاری سەرپەرشتیاری مولیدە ئەهلیەکانی ناو شاری کەلار هەستان بەدارشتنی خشتەیەک بۆ پەیرەوکردنی بڕی دیاری کراوی کارەبا کەبۆ ماڵان دانراوە، لەم بارەیەوە قائمقامی قەزای کەلار جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ئێمە ئەو بەرنامەیی کە بۆ مولیدە ئەهلیەکان دامانناوە دەبێت ئەو برە کارەبا بدرێت بەماڵان وەخەڵکیشمان ئاگادار کردۆتەوە لەهەر کەم و کوریەک کە لەلایەن مولیدە ئەهلیەکانەوە ئەنجام بدرێت ئاگاداری قائمقامیەتی قەزای کەلار بکرێتەوە بەمەبەستی ئیجرائات کردن لەگەڵیان

## لە دوو شوێنی جیا لە دوو رۆژنامەوان دەدرێ

لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا رەوەند حاجی پەیامنێری بەشی هونەری هەفتەنامەی **رۆژی گەل** پێیراگەیاندنین کە کاتژمێر ١٧.٣٠ی رۆژی ٧-٦-٢٠٠٧چەند کەسێکی نەناسراو لەنزیک گۆڕستانی شێخ ئەحمەدی شاری هەولێر داوایان لێکردم کە بۆ کارێکی تایبەتیان لەگەڵیاندا بچم، سەرەتا بە ئاساییم وەرگرت، دواتر هەڕەشەیان کوشتنیان لێکردم کە ویستم لە دەستیان را بکەم هەرسێکیان بە زللەو شولاق تێمائالان، پاش لێدانێکی زۆر لەو شوێنە جێیان هێشتم.

رەوەند جاحی رایگەیاند کە ئەو کەسەکان ناناسێ، بەڵام پێیان گوتووە کە نابێ پەیامنێری بۆ رۆژی گەل بکات.

هەروەها لە پەیوەندیەکی دیکەی تەلەفۆنیدا رێبوار مەحمود کە بە رێبواری ئازادی ناسراوە، پەیامنێری بۆ زۆربەی رۆژنامەکان دەکات پێیراگەیاندین کە کاژێر ١٩.٢٠ی رۆژی ١٥-٦-٢٠٠٧ لە نزیک رێستۆرانتی ئێڤل لە سەرچناری شاری سلێمانیدا سێ کەس کە خۆیان وەکو کارمەندانی ئاسایش ناساند ویستیان لەگەڵ خۆیاندا بمبەن، دواتر چینێکی خۆشیان لێدام و لەوی بەجێیان هێشتم.

رێبوار دووپات دەکاتەوە کە کاری رۆژنامەوانی دەکات و ناحەزیشی لەگەڵ کەسدا نیە. هەر بۆ بەدواداچوونی کێشەکەی پەیوەندی بە ئاسایشی سەرچنارەوە کردووە، ئەوانیش رایانگەیاندووە کە ئەوانە کارمەندی ئاسایش نین.

رێبوار بۆ **رۆژی گەل** ی ئاشکرا کرد کە یەکێک لەو کەسانە دەناسێ سکاڵای لە دژدا تۆمار بکات.

## دیسانەوە ژنانی کوردستان دەسووتێن

رۆژی ١٣-٦-٢٠٠٧ لە گەڕەکی برایەتی شاری هەولێر کچێک بە ناوی (ش.ح) تەمەن ١٧ ساڵ گوایە لە کاتی نەوت تێکردن تەباغ کلّپەی کردووە، بە رێژەی ٦٠%دەسووتێ و رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ، هەر هەمان رۆژ لە ناحیەی دارەتووی نزیک هەولێر لە کاتی ئاو گەرم کردن گوایە تەباغ کلّپە کردووە، ژنێک بەناوی (ن.ع) تەمەن ٣٤ ئاگر دەگرێ، هاوسەرەکەی هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگرەکە دەدات، ئەویش دەستی دەسووتێ، بەوهۆیەوە رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێن.

رۆژی ١٥-٦-٢٠٠٧ لە شارۆچکەی سۆران گوایە تەباخی نەوت تەقیوە، ژنێک بەناوی(س.ع) تەمەن٢٣ کەخاوەن دوومنداڵە بەرێژەی ٣٠% دەسووتێ و رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ.

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەک لە نەخۆشخانەی ئیمرجنسی شاری سلێمانی ئاشکرای کردووە کە دایکێک و دوو کچ لە گەرمای ماڵەکەیاندا لە ناحیەی زەڕایەن ئاگریان تێبەردەبێ و دەسووتێن، رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێن، بەڵام یەکێک لە کچەکان بەناوی (م.ئ) تەمەن ٢٠ ساڵ لە نەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات، هەروەها گیانی دایک و کچەکەی دیکەش لە مەترسی دایە.

## پشدەر: کوللە جوتیاران هەراسان دەکەن

بەهۆی هاتنی گەرماو نزیک بوونەوەی لەوەرزی هاوین، کولەیێکی زۆر پەیدابوون بەتایبەت ئێستا لەدەڤەری پشدەرو بتوێن، خەڵکی زۆریان هەراسان کردووە و زەرەرێکی زۆریان لەگەنم و جۆی ئەو ناوچەیە گەیاندوە، خەڵکی ئەم دەڤەرە داواکارن لەحکومەتی هەرێمی کوردستان رێگا چارەیەک بدۆزێتەوە بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەم جۆرە رووداوانە. چونکە ئەوان پێیان وایە دەبێتە هۆی زەرەرو زیانێکی زۆر لەخەڵکی ناوچەکەو بەتایبەتی جوتیاران.

## شارەبان: ماڵی قائمقام دەتەقێندرێتەوە

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەشارەبان پێی راگەیاندین: کەسەر لەبەیانی سێ شەممەی رابردوو تیرۆرستان بە هەوڵی کوشتنی قایمقامی ئەو شارە مینێکیان لەناو ماڵەکەیدا تەقاندەوە سەرچاوەکە راشی گەیاند کە لەکاتی تەقینەوەی مینەکەدا خانەوادەو ماڵی ئەوان لەماڵەوە نەبون و جگە لەزەرەری مادی هیچ کارەساتێکی گیانی بەدواوە نەبوو، پێدەچێت ئەم گروپە سەر بەکۆماری دەوڵەتی ئیسلامی عێراقی بن چونکە چەند رۆژێک پێش ئەو کردەوەیە هەوڵی رفاندنی وڵاتیانیان لەو شارە دابوو.

## گەنجێک بەتۆمەتی خواردنی گۆشتی سەگ دەستگیر دەکرێ

دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی هەبوونی چەند گەنجێکی شاری کەلار بەمەبەستی خواردنی گۆشتی سەگ بڵاوبوویەوە، دواتر سەرچاوەیەک لەپۆلیسی کەلار ئەم هەواڵەی بەم جۆرە پشت راست کردەوە، بەڵام هیچ زانیارێکی تری ئاشکرا نەکرد، دواتر بە وتەی شایەد حاڵێک پێی راگەیاندین: کەمن ئاگادارم لەهەبوونی ئەو گەنجانەی کە ماوەیەکە گۆشتی سەگ پارچە پارچە دەکەن و لەنێو پارکی شاری کەلاردا دەی خۆن، دواتریش بە وتەی شایەد حاڵەکە ئەو هاوڵاتیە کە لەلایەن پۆلیسی کەلارەوە گیراوە بەناوی (ش،ن)ە، کە تەمەنی بیست و یەک ساڵە خەڵکی سەرکەوتنی شاری کەلارە و دواتر سەرچاوەکەی پۆلیسی کەلار ئاماژەی بەوەدا کە بەپێی مادەی ٤٨٦ بەندکراو لێکۆڵینەوە لەگەڵ دەکرێ. شایانی باسە دوای ئەو رووداوە پارکی کەلار لەلایەن پۆلیسەوە بەتوندی چاودێری دەکرێ

## رۆژنامەنووس ئەبوبەکر حەسەن لە کۆڕێکدا

کاتژمێر ١٧ی رۆژی ١٤- ٦-٢٠٠٧کۆڕیک بۆ رۆژنامە نوس ئە بوبە کر حە سە ن لە لایەن سە نتە ری رۆشنبیری هە لە بجە،لەهۆلی کارگیری منداڵانی هەلەبجە بەرێوەچوو.ئەم کۆرە لە ژێرناو نیشانی (مرۆڤ لە گوندا)ساز کرا کە تیایداباس لەژیانی مرۆڤ لە گۆندەکان و ئاشت کردنەوەی ئەو وشەیە لە نیوان مرۆڤ کرا .جیگەی باسە کەلەم کۆرە خەلکێکی زۆر تیایدا ئامادە بوون .گوند کەسارچاوەی پەرەپیدان و گەشە سەندنی ئابوە ریە و دەبی بایەخێکی زۆری پێ بدرێ بۆ ئاوەدان کردنی زەوی و زاری جوتیاران و بە رەو سەربەرزی ژیان لە نێو گوندەکان ،ئەو باسانە بوون کە لەنێو کۆرە کە ،رۆژنامە نوس بۆئامادە بوانی باس کرد

## ٤٨٠٠٠ کەمئەندام داوایان هەیە

سەرلەبەیانی رۆژی ١٤-٦-٢٠٠٧سکرتێری یەکیەتی کەم ئەندامان (سامان حسین )سەبارەت بە کێشەی یەکیەتی ناوبراو بە هەفتەنامەی **رۆژی گەل** ی ڕاگەیاند: ئیمە وەک یەکیەتی رێکخراوی کەم ئەندامانی کوردستان دوای ئەوەی کە سێ یاداشتمان بەرز کردەوە،لەگەڵ ئەنجامدانی رێپێوانێک وبەستنی مانگرتنێک سەبارەت بەداواکاری و کێشەکانی کەم ئەندامان وەکو؛زیادکردنی هاوکاریەکان کە بڕی ٣٠٠٠٠هەزار دینارە ،دابین کردنی شوێنی نیشتە جێ بوون ،دەرکردنی بریارێک بۆسلفەی عەقارو هاوسەرگیری ،بەڵام بەداخەوەتا ئێستاهیچ وڵامێکمان لە لایەن حکومەت و دەزگا پەیوەندی دارەکان و حیزبیە کان دەست نەکەوتوە،هەروەها وتیشی کە ئەم داواکاریانە پشتگیری٤٨٠٠٠هەزار کەم ئەندامی لە پشتە وەیە،سکتێری یەکیەتی کەم ئەندامانیشی گەیاند؛ئەگەر بێتو هیچ ئاورێکمان لێ نەدرێتەوە ئەوا ئێمە فشارێکی دیکەی مەدەنیانە دەخەینە سەر حکومەت و لایەنە پەیوەندی دار.

# هەواڵی سەیر

* رۆژی ١٢-٦-٢٠٠٧ ولاتی (ن،م) بەمەبەستی وەکالەت دەرکردن بۆ وڵاتییەکی دیکە کە ئەم ئۆتۆمبیلی پێ فرۆشتووە دەچێتە بەڕێوبەرێتی پۆلیسی هاتووچۆی کەرکوک . لەدوا برگەی تەواو بوونی مامەڵەکەدا کاتێ ژمارەکەی لە کۆمپیتەر دەدرێ پێی دەڵێن ئەم ئۆتۆمبیلە دزراوە بریاری حجزی لەسەرە، (ن) دەگرن و کەلەپچەی دەکەن، دوای ئەوە بەکەفالەت بەری دەدەن هەتا خاوەنەکەی پێشووی بهێنێ کە (ش،ح)ە. شایانی باسە ئۆتۆمبیلەکە مۆدێلی ١٩٩٣ لەساڵی ٢٠٠٣ وە بەشێوەیەکی یاسایی و فەرمی هاتۆتە عێراق و لەبەڕێوەبەرێتی پۆلیسی هاتووچۆی کەکوک بەرەسمی سەنەوی بۆ دەرکراوەو سێ جاری دیکەش لەکۆمپیتەر دراوەو هیچ عەیبی نەبووە. بەڵام ئەمجارەیان کەس نازانێ بۆچی وایان لێ کردووە ئایا ڕاستە یان...؟

* بەرپرسێکی پایەبەرزی دەڤەری حەوت تەغار گلەیی لە کۆنە دۆستێکی کردبوو کە بۆچی تەلەفۆنێک یان پرسیارێکی نەکردووە لەکاتێکا ئەم لەشوێنێکی زۆر ترسناکە و تیرۆرستان ئەوانیان کردووە بە ئامانج بەوهۆیەوە خۆی نەیتوانیوە پرسیار لەدۆست و برادەرانی بکات.. دۆستە کۆنەکەشی گوتبووی تۆ بۆ خواردنی دۆندرمەیەکی سەرچنار هەفتەی دووجار سەر لەماڵی خەسووت دەدەیت و بێزت نایە نەک سەردانی ئاسایی تەنانەت بۆ تەعزێ کانیشمان بێیت هێستا تۆ گلەیی دەکەیت؟!

* ولاتی (س،م) دانیشتووی گوندی خالۆبازیانی ناحیەی قەرە حەسەن رۆژی ١١-٦-٢٠٠٧ لەفەرمانگەی نفوسی لەیلان کە تا ئێستا ناوی (آم المعارک)ە لەگەڵ نووسەری فەرمانگەکە دەبێتە دەمەقاڵیان، کە دمکە دمکەکە بەهۆی بیانووی پێ گرتنی بەتاڵ و بێ هۆبووە. لەدوایدا کارەکەی بۆ ناکەن و دەڵێن برۆ هەفتەیەکی دیکە بێرەوە، یەکێک پێی دەڵێ: بۆناچی بۆ لای (فلان) کە لێپرسراوی ئاسایشە بەڵکو پێیان بڵێ کارەکەتان بۆ جێبەجێ بکەن خۆ ئەو خزمی خۆتە. ئەمیش دەڵێ من جاران کە لەشاخ بوو بەخزمی خۆمم نەدەزانی ، ئێستا بچم بۆلای، بەخوا هەموویان بکەن بە ئێرانی بۆلای ناچم!!

* رۆژی ١٣-٦-٢٠٠٧ کامێرای k.tv بەمەبەستی تۆمارکردنی رێپۆرتاژێک لەسەر ناحیەکە لەبواری خزمەت گوزاری و ئاوەدانکردنەوەدا دەچێتە ناحیەی قەرەهەنجیر. ولاتی (ن،ح) پێیان دەڵێ ئێوە بۆ ناچن جارێ ناوی رەسەنی ناحیەکە لە (ربیع)ەوە بکەنەوە بە (سەرکانی) یان لانی کەم قەرەهەنجیر، بۆ رێپۆرتاژەکەتان لەسەر ئەوە ناکەن یەکسەر دێن دەست دەکەن بە هەڵدان بەسەر بەرپرسەکان و شارەوانییەکانەوە هەتا بۆیان داپۆشن چی دەکەن و چی دەخۆن؟. ئەویش لەوەڵامی ولاتییەکەدا دەڵێ بەخودای چوینەتە لای پارێزگار بۆ گۆڕینی ناوە عەرەبیەکان لەوەڵامدا گوتوویەتی: جارێ کاتی نییە. شایانی باسە سەدان شوێنی ئەم کوردستانە ناوە ڕەسەنەکەی لەکوردییەوە کراوە بە عەرەبی و هێشتا هەر دەستکاری نەکراونەتەوە، باشە بۆ بەعس بێباکانە ناوەکانی دەگۆڕی، بەڵام ئەمانەی خۆمان فزە ناکەن؟!

* رۆژی ١٢-٦-٢٠٠٧ (خ،ز) دانیشتووی گوندی زەنگەنەیەو لەشوێنێکی زۆر ستراتیژی سەرجادەی نێوان چەمچەماڵ کەرکوک چێشتخانەیەکی گەورەی دروستکردووە، لەگەڵ بەنزینخانەیەکی (بازرگانی). پیاوێکی دەوڵەمەند ویستوویەتی لەڕێگای حکومەتەوە لەوبەری ئەوەوە بەنزینخانەیەک دروست بکات، ئەم بیانووی پێ گرتووە گوتوویەتی ئەو گردەی تۆ تەختی بکەیت چەندەها جار من تەقەم لەپاڵی کردووەو بەمولکی خۆمی دەزانم سێ دەفتەر دۆلارم نەدەیتێ نایەڵم شۆفلی لێ دەیت. بۆیە کابراش بەجێی دێڵێ!